www.kurdistannet.org

19-10-2006 8:23بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەڵبەندی كلتووری كورد لە شاری دەنهاخ، لە ڕۆژانی 28 و29 ئۆكتۆبەری 2006 كۆنفرانسێك بە ناونیشانی: " ئێراق بەرەو دیموكراسیەت دەچێت یان شەڕی ناوخۆ؟ " سازدەكات.

ئەم كۆنفرانسە چەند تەوەرێكی گرنگ لەخۆ دەگرێت كە چەندین پسپۆڕ وكەسایەتی شارەزا لەو دوو ڕۆژەدا تیشك دەخەنە سەریان.

بابەتەكانی ڕۆژی یەكەم بریتین لە:

- لێكۆڵینەوەیەكە لەسەر توندڕەوەكان مەترسیەكن لەمەڕ دیموكراسی.
- ڕۆڵی ئێراقیەكان لە هۆڵەندە بۆ بنیاتنانەوەی ئێراق بە گشتی وكوردستان بە تایبەتی.
- میسۆپۆتامیا مۆڵگەی یەكەمی شارستانیەت و دیموكراتیەت.

بابەتەكانی ڕۆژی دووەم بریتین لە:

- بەدەزگاكردنی كۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆڵی ڕێكخراوەكان لە پرۆسەی بەدیموكراتیزەكردندا لە كوردستان.
- ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان لە پرۆسەی دیموكراتیدا، ئەزمونی هۆڵندە لەو بوارەدا.
- ئەگەرەكان بۆ دوارۆژی ئێراقی ئێستا و ڕۆڵی كاریگەری كەركوك لەو پرۆسەیەدا.

سەرەڕای ئەو بابەتانەی سەرەوە فیلمێكی دۆكۆمێنتی لەسەر وەزعی ئێراق پێش وە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس پێشكەش دەكرێت.

ئامادە و بەشداریتان لە ڕاو بۆچوونەكان زیاتر كۆنفرانسەكە بەبێزتر دەكات.

بەشداربووان كە بابەتەكان پێشكەش دەكەن ئەم بەڕێزانەن:

1. ئازاد بەرزنجی 2. خاتو بۆنی نۆرمەن 3. كۆزاد ئەحمەد
1. مستەفا ئەحمەد 2. ئێڵدەرت مولدەرت 3. قەیس قەرەداخی

ناونیشان:

(ParkPaviljoen (Zuiderpark
Johanna Naberweg 5
2533 SE Den Haag

لە وێستگای (Den Haag HS)، ترامی ژمارە 9 وەردەگریت بە ئاراستەی Vrederust و لە وێستگای Zuiderpark دادەبەزی.

بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بكە بەم ژمارە تەلەفۆنەوە: 0652351910